

## پرسه و سەرەخۆشی

*بەناوی هەڤاڵ مام جەلال، هەڤاڵ حەمەی فەرەج یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بەبۆنەی کۆچی دوایی حەبیبەخان خوشکی بەڕێز کەریم خانی برادۆستی کەسایەتی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری گەلەکەمان، پرسەو سەرەخۆشی بەکەسوکارو بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند؛ داوای لەخوای گەورە کرد کەسەبوریان بدات و خوالێخۆشبوو لەبەهەشتی بەریندا جێگە بکاتەوە.
هەروەك ئاماژەی بۆ ئەوە کرد لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال؛ بەنوێنەرایەتی هەڤاڵ سکرتێری گشتی، بەندە سەردانتان دەکات.
*لەلایەکی ترەوە، بەناوی هەڤاڵ مام جەلال، هەڤاڵ یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بەبۆنەی کۆچی دوایی برای هەڤاڵ مەلا محەمەد بەحرکەیی، پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکارو بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان کرد، هەروەك داوای لەخوای گەورە کرد کەخوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووری کەسوکارو خانەوادەکەشیان بداتەوە.

*انا لله وانا الیه راجعون*

## (دایە پیرۆز و حەبیبە خان)  پێشکەشە بە هێرۆخان

ساڵی 82 بوو لەبناری سورێن بەخزمەت دایە پیرۆز گەیشتم , پێشتر ناویم بیستبوو.
دایە پیرۆز دایکی یەکێ لە کەڵە شەهیدەکانی ڕێگای سەربەخۆی کوردستانە, ئەویش شەهید (کەریم دانزێڕ)ە
دایە پیرۆز کە ئەهات بۆ شاخ بۆ بارەگای پێشمەرگەو ئەو ڕێگا پڕ مەترسیەی ئەبڕی ئەو کات هیچ کوڕێکی پێشمەرگە نەبوو.
چونکە کوڕ تاقانەکەی ساڵی 68لە شاخی( شێرکوژی)ی ناوچەی دۆڵە ڕووت لە شەڕێکی مەردانەدا ڕوبەڕوی هەر سێ ئامر مەفرەزە جاشی(سابیر سارۆخ,نەوزادی عەول قایەر و حەمەی حاجی تایەر)1 بوو بووەوە وسەرئەنجام لەو شەڕەدا شەهید بوو.
کەریم دانزێڕ قووتابیەکی بزێوی بیری نەتەوەیی و ئەندامێکی کارای (کاژیک)2بوو لەشەستەکاندا سەری ڕمی بەگژاچوونەوەی ئەو بیرە بۆگەنە شیوعیەبوو کەکوردی بە نەتەوە نەئەزایی و گاڵتەی بەکوردایەتی ئەکرد.
کەریم ئەو پێشمەرگەیە بوو کە لەشەستەکاندا ئاڵای کوردستانی لە بەرۆک دابوو . کەلەوکاتەدا دەیان کەس نەیانئەزانی ڕەنگی ئەو ئاڵایە چەندە!
بۆیە حوکمە تازەکەی بەعس ناحەقی نەبوو ,سێ چەقاوەسووی بەکرەجۆ ڕابسپێرێ ,تا ئەو ملۆزمەیان لەکۆڵبکاتەوە .
دایە پیرۆز ئەو پیرێژنە ڕەزاسووکە بوو ,کەبووبووە تەتەری پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی پاسۆک.بن عەباڕەشەکەی دایم پڕیوولەنامە نهێنیەکان و فیشەک و دەمانچە.
دایە پیرۆز چاک ئەیزانی ئەگەر ڕۆژێک کارەکانی لای سیخوڕەکانی بەعس دەربکەوێت ,سەرئەنجامەکەی چی ئەبێت.!
ئەو ڕۆژەی کە یەکەم جار دایە پیرۆزم بینی, هاوینێکی زۆر گەرم بوو,ئەتووت هەرچی گەرمی

ئەم دنیایەئە بەسەر بناری سورێن دا ئەبارێ.
ئەبوو شەو ئەو ئاوەی لەگوندی( بانی شار)3ەوە بەسۆندە ڕامانکێشا بوو,لەبەرمیلێکی ژەنگاووی بەگوێنی پێچراواوی لەبن سێبەر دانراودا خەزنبکرایە,تابتوانرێ بەڕۆژ بخورێتەوە .چونگە ئەگەر بەڕۆژ دەستت بخستایە بەر ئاوی ئەو سۆندەیە , ئەوەندە گەرم بوو پێستی دەستی لەگەڵ خۆیدا پەبرد.
لەبن کەپرێکدا لەگەڵ شەهید (حەمە قەمور)4 دا دانیشتبووین ,لەدوورەوە ئافراتێک دەرکەوت هەر زوو کاکە حەمە ناسیەوەوخێرا بەرەو پیری چووین ,خوردن وشتەکانی کەپێی بوو لێمان وەرگرت.
گەیشتینەوە بن کەپرەکەو کەمێک ئاوی شلەتێنمان بۆ هێناو خواردیەوە وئیسراحەتێکی کرد.

کاکە حەمە بەدەم گەمەی قسەکردنەوە ووتی : دایە پیرۆز زۆرلاواز بوویت ,ئەترسم مردن لێت نزیک بێت!
دایە پیرۆز ووتی :حەمەگیان ,قەزات لەمن کەوێ جارێ زۆرم ماوە ,ئەوەندە لە(مەککە)5 لەخوا پاڕاومەتەوە ,کە نەممرێنێ ,تا ڕزگاربوون کوردستان ,بۆ ئەوەی تابووتەکەم ئەو ئالآیەی پێوەبێت(بەپەنجە ,دەستی ڕاکێشا بۆ ئەو ئالآی کوردستانەی کەبەسەر بارەگاکەی ئەوبەرەوە بوو), ئینجا لە گەڕەکەوە بەسەر شانی ئێوەی پێشمەرگەوەبچمە دوا هەوارم.
ئای لەو وورە بەرزیە , ئای لەو هیوا گەورەیە,ئای لەو هەناسەیەی لەدەروونی پێشمەرگەیەکی ژنەوە هاتە دەر.
کاکە حەمە ئەم قسانەی بە دایە پیرۆز ووت ,نەیزانی خۆی دەساڵ پێش دایە پیرۆز مەرگ ئەبێتە هاوڕێی.

من دایە پیرۆزم نەبینیەوە تا ڕاپەڕین,
ئای لەو ڕۆژە مەزنە ,کە سلێمانی وهەولێر و دهۆک ڕزگاریان بووبوو ! پێشمەرگە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک.
ئەو ڕۆژە دایە پیرۆزم بینیەوە ,هەموو گیانی پێئەکەنی, بەرەو پێری چووم و دەستیم ماچ کرد ,ئەوڕۆژەم بیرهێنایەوە کەلەگەڵ شەهید (حەمە قەمور)دا پێکەوە بووین.
بەداخەوە دایە پیرۆزم لەخۆشی کرد , بەبیرخستنەوەی کاکە حەمە, دەستی بەگریان کرد.
مام برایم 6 هاتە لامان و سلاوی کرد,پاش کەمێک ووتی دایە پیرۆز,ڕێبواری
کوڕەزات ,تاقانەیەو حەز ناکام ئەمرۆ لەگەڵمان بێت,نەوەک شتێکی لێبێت, ئێوە باجی خۆتان داوە.

دایە پیرۆز نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات,ووتی مام برایم ,من کەریمی تاقانەم بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بەخشیوە,ئێستاش ئامادەم کوڕەتاقانەکەی بۆ ڕزگارکردنی پایتەختەکەی ببەخشم! ئەگەر کوڕی من وکەریم بێت دانابەزێت و لەگەڵتان دێت.
ئەبێت ئەبێت چی لەو ووتانەی ئەو بەگڕتربێت؟چی لەو هەستەی دایە پیرۆز بەرزتربێت؟کام کۆتەڵی بەرز ئەگاتە بەژنی ئەو؟
ئەو تەنها بەجەستەو ڕۆح کوردایەتی نەئەکرد,بە ووتەو بە هەناسەش کوردایەتی ئەکرد.
ڕێبوار ئەیویست ئەوە بسەلمێنێ ,کە کوڕی باوکی خۆیەتی ,بۆیە بەشداری هەموو شەڕەکانی ڕاپەڕینی کرد,لەگەڵ مام برایم دا ئەو پێشمەرگە لاوە بوو لە داستانەکەی ئەزمەڕدا وەک دار بەڕوو چەقین,تا لەشکری ڕەشی بەعس نەگاتە خەڵکی ئاوارەبووی ئەودیوو ئەزمەڕ.

ساڵی 96 گەرمەی شەڕی براکوژی بوو.
ئای لەو هەواڵە شومەی لەگوندی زیارەتی بناری سەفینەوە هات, ئەم شەو ڕێبواری کەریم دانزێڕ شەهید بوو.
ڕێبوارێک کە بنەماڵەیەک هیوایان لەسەر دانابوو ,ڕێبواری باوکی دوو کیژۆڵەی چاو گەش.....
ئای دایە پیرۆز کاتێک ئەم هەواڵەت پێگەیشت ,چ هەناسەیەکی خەماوی لەدەرونت هاتە دەر ؟چۆن چاوە لاوازەکانت تاریکتر بوون؟چ قرچەیەک بەپشتت کەوت؟

دایە پیرۆزی پیرو کەنەفت و بوکی داماووسەرلێشێواوو دوو کیژۆڵەی بێ باوک ,لەخانویەکی کۆنی گڵدا ئەژین . کەسروشتی ئەو خانوەوابوودەرگای دەرەوەیان لەسەر زەویەکی چەند سەدمەتری بوو , کەبەزەوی بەلەدێ ئەناسرێ.
ئێ ئەو کات ئەندازیاری شار نەبووتا بەشێوەیەکی ئەندازیاری وبێ هەڵە گەڕەکەکان دروست بکرێن.
ساڵی 98 ڕۆژێک دوو مناڵی بێ باوک ئەیانەوێت بچنە دەرەوەو لەگەڵ مناڵانی گەڕەک یاری بکەن,کەچی سەیر ئەکە ن ڕێگایان لێگیراوە وخانوەکەیان وەک بەندینخانەی لێهاتووە.
بۆچی ؟ ئەوە شارەوانییە و ئەیەوێت بە بلۆک ئەو زەویە پەرژین بکات.
ئەی ئەو خێزانە داماوە بە ئاسماندا هات وچۆ بکات ؟
هاوار هاوار ,دراوسێکان هاوار ,ئەنجومەنی گەڕەک هاوار .......
ئەنجوەنو پیاوانی گەڕەک بەدەم هاواری ئەو خێزانەخاوەن هەتیوەوە هاتن و چوونە شارەوانی ,وەڵامی شارەوانی ,ئەوە ئەمری حوکمەتە!
_ئەی ئەو ماڵە چی بکەن ؟
+ئەوە خەتای خۆیانە ,بۆ بەهەڵە خانویانە کردووە؟

ـ ئاخر قوربان ئەو خانووە پێش 50 ساڵ دروستکراوە,ئەو کات هەر وابووە!
هیچ نەبێت ڕێگای یەک مەتر بەجێ بهێڵن بائەو داماوانە هات و چۆ بکەن.
+وەڵڵاهی نابێت.
ـئاخر قوربان بۆ نابێت؟
+ئەوە لە دەسەڵاتی مندا نییە.
ـبۆ قوربان ,جەنابت خۆت مودیر نیت؟
+ئەوە ئەمری هێـــــــــرۆ خـــــــــانەو ئەو زەویەی بۆ خزمێکی تێکۆشەری خۆی داناوە ,بۆیە نابێت هیچی لێ کەل بێت!!!
ئیتر فەرموون خوا حافیزتان بێت.

حاجی سەلامی دراوسێی قەییمی ,خۆ سەری ئاسمان بە پوش نەگیراوە,ئەوا من ئەو ژوورەی کە بەماڵی ئەوانەوەیە بۆ ئەوان و دیوارەکەی ئەڕوخێنم .تا لە ماڵی منەوە بۆ کۆڵان هات و چۆ بکەن .بەڵکو خوای ئەو هەتیوانە من ببەخشێ.

مارکۆسی دیکتاتۆری فلپین , لەڕاپەڕینێکی میللیدا لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا شار بەدەر کرا .دوای مردنیشی حوکومەتی داهاتووی فلپین نەیهێشت تەرمەکەی بگەڕێتەوە وولات.
ژنەکەی مارکۆس ,لەکۆشکی بەجێماودا شەش هەزار جووت پێڵاوی بەجێ هێشت.
دیارە ئەو خانمە ئەشقی پێڵاوو پۆشاکی نایاب و قەشەنگ بووە.

بەهەمان شێوە هێـــــرۆ خـــــانی ژنی سەرۆک تـاڵەبانی ئەشقی زەوی وزارە!!
دوای شەڕی براکوژی بڕیار بوو,ئەو زەوی زاروخان ومولک و تەلەفون ودووکانانەی کە لە ئەندام ولایەنگرانی یەکتری داگیر کرابوون ,بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بۆ خاوەنەکانیان بگێڕدرێنەوە.
یەکێ لەو هەزاران کەسەی ,کە لەسلێمانی موڵکیان داگیر کرابوو ,(حەسەن سنکێ)ی7 بوو.کەزەویەکی 19 دۆنمی نزیک معەسکەر سەلام داگیر کراوە.
بەرپرسی یەکێتی لە لیژنەی هاوبەشی گەڕانەوەی موڵک وزەویە زەوتکراوەکان کاک عومەری سەید عەلی بوو,موافەقەتی گەڕانەوەی موڵکەکەی کاک حەسەنی کردو دایە دەست کاک حەسەن, تابیبات بۆ سەرۆکی حکومەتی دیموکراتی دکتۆر بەرهەم تا زەویەکەی وەر بگرێتەوە.
کاتێک کتابەکە لای کاک دکتۆر هاتەوە, لەسەری نوسرابوو ,لەجیاتی ئەوە زەویەکی 300 مەتری لە بەکرەجۆ بۆ دابینبکرێت.
کاک حەسەن قبوڵی ناکات ,چونکو موڵکەگەی خۆی زۆر لەوە پێ چاکترە.

پاشان بەهۆی چەند کەسێکەوە بە کاک حەسەن ڕاگەیەندرا ,کەقبوڵی ئەو زەویە بکات باشترە وبائەوەشی لەدەست نەچێت.چونکە لەدەستی کاک بەرهەم دا نییەو هێـــرۆ خان کردوویەتی بە موتەنەزەهـ بۆخۆی!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

ئەگەر هێرۆ خان دەستی بچێتە ماڵێکی شۆڕشگێڕ وهەژارو خاوەن هەتیوی وەک دایە پیرۆز,ئیتر لوشدانی دەیان 19 دۆنم لای وەک ئاو خواردنەوە وایە .

دایە پیرۆز بەهیوای ئەوەبوو لەژێر سایەی حوکمی کورددا ,بەبەختەوەری بژی و لەمردنیشداگیانی بەختەوەر بێت و پاداشتی ڕەنج وخەباتی بدرێتەوەو بەمەراسیمێکی شکۆدارو ئاڵای کوردستانەوە تەرمەکەی لەماڵەوە بەڕێبکرێت.

ساڵی 99دایەپیرۆز بەکۆڵێ خەم ودەردەوە سەری نایەوە,چەند خزم ودراوسێیەک لەدەرگای ماڵی حاجی سەلامی دراوسێیەوە و بەبێ ئاڵای کوردستان ودور لەگۆڕی کوڕو کوڕەزا تاقانەکەی لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا.!
ئەو دایەیەی کەمافی خۆیەتی لەهەر شارێکی کوردستان,شەقامێک یان قوتابخانەیەک بەناویەوە بکرێت,چووە ڕیزی لەشکرێ لە سەربازی وونی کوردستانەوە.

ئەبێت دوواهەمین خەم و هەناسەی قوڵی دایەی کورد هەر بۆئەوە بووبێت کە سەربەخۆی کوردستان و ئاڵا شەکاوەکەی نەبینی؟یان دوواهەمین هەناسەی قوڵی خەماوی بۆ ئەوەبووبێت ,کەلەژێر حوکمی لایەنێکی کوردیدا سووکایەتی وبێ حورمەتی پێکرا؟؟؟

دایە پیرۆزی پێشمەرگەودڵسۆز وتێکۆشەرو ماندوونەناسی کوردوکوردستان,هیچ سەرکردەیەکی گەورەووبچووک ئامادەی پرسەکەی نەبوون و بەهیچ بروسکەیەکی سەرەخۆشیش بەسەر نەکرایەوە.
ئەمەبوو وەفاداری یۆ ئەو تێکۆشەرە ماندوو نەناسە لە کوردستان!

کەریم خانی برادۆست , خاوەنی نیوو سەدە جاشایەتی وکورد قڕکردن وکوردستان سوتاندنە.لەساڵی 1940 ەوە چەکی جاشایەتیان هەڵگرتووە.
تا ڕاپەڕینی 91 نەک لەهیچ شۆڕشێک بۆ ساتێک بەشداری نەکردووە,بەڵکو نۆکەرێکی دڵسۆزی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراقەبووە هەر لە مەلیک غازییەوە تا سەددام.
حەبیبەی خوشکی کەریم خان لەوەئەچێت ئافرەتێکی ماڵ بووبێت ودەستی سوور نەبێت

بەخوێنی هیچ کوردێک وهێچ ستەمێکی نەکردبێت.
ئەوەش بۆ ئەو تاوان نییە کەخوشکی کەریمە.
بەڵام خۆ خاوەنی هیچ سەروەریەک نییەو, نەدایک وخوشکی هیچ شەهیدێکی کوردستانەوە ونەکچی هیچ سەرکردەیەکی کوردیشە.

ئەی ئەبێت چی وای لەتاڵەبانی کردبێت ,وا خەم بۆ کۆچی حەبیبە دایگرێت و بروسکەی ماتەمینی بۆ بنێرێت و کاکی برادۆستیش لەڕیزی نۆکەران دەربێنێت وبیخاتە ڕیزی نیشتیمان پەروەرانەوە؟؟
تاقە شتی هاوبەشی برادۆستی ەتاڵەبانی ئەوەیە لەشەستەکاندا لەیەک سەنگەرەوە تەقەیان لەیەک سەنگەر ئەکرد.

mamaras@gmx.net

مام ئاراس
ئەڵـــــمانیـــــا

---

1ـ سێ سەرەک جاش بوون لە شەستەکاندا
*سابیر ,لەئاودەستەکانی مزگەوتی دارۆغادا بەدەستی تێکۆشەر عومەری ساڵح مەنسور کوژرا
*نەوزاد لە ساڵی 69 دا لەداستانی دابان وهەلاج دابەدەستی پێشمەرگە کوژرا وئێستاش بەشەهیدی یەکێتی دانراوە.
*حەمەی حاجی تایەر ,ئێستا ماوەو جارجا لە کوردسات لە ڕوداوە مێژوویەکاندا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەکرێت و لەژێر وێنەکەیدا ئەنوسرێ هەڤاڵی دێرینی بەڕێز مام جەلال.
2ـ کاژیک :کۆمەڵەی ئازادی وژیانەوەی کورد ,لە سەرەتای پەنجاکاندا دروست بوو ,ڕێکخراوێکی نەتەوەی بوو.
3گوندێکە لەچیای سورێن .
4ـ حەمە قەمور: فەرماندەیەکی پێشمەرگەی پاسۆک بوو,قارەمانێکی زۆر وورە بەرز بوو,ساڵی

86 بۆ کارێکی چەکداری ,بەنهێنی هاتە ناو شار ,مەخابن لەماڵێکی گەڕەکی چوارباخ دەستگیر کرا, لەژێر ئەشکەنجە لە تەواریەکەی سلێمانی شەهید بوو,پاشان بێگۆڕیش بوو.
5- دایە پیرۆز ,لەبەر ئەوەی حەجی کردبوو ,بۆیە لەناو خەڵکی بە حاجی پیرۆز بەناو بانگ بوو.
6- جێگری مەکتەب عەسکەری پاسۆک بوو, لە داستانەکەی ئەزمەڕ لە ڕاپەڕیندا شەهید بوو.
7- حەسەن سنکێیی: لایەنگرێکی پارتیە, سنکێ: گوندێکی شاربازێڕە نزیکی قەڵاچوالان.